Co-funded by the Erasmus+ Programme of the European Union

Transfer of Good Practices & Reinforcement of Internationalisation Strategies in Kurdistan

# ڕاپۆرتی کۆتایی کۆبونەوەی هەڵسەنگاندنی کۆتایی ( دەبلیوپی4.3 ) بۆ زانکۆکانی کوردستان

کۆبونەوەیپێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەبەرواری 19 ی ئابی 2020 بوو لەکاتژمێر 11 ی بەیانی بۆ 1 ی دوایانیوەڕۆ بە کاتی ئەوروپا.

| پیاچونەوەی دامەزراوە ئەکادیمیەکان | | |
|---|---|---|
| زانکۆیبەشدار لە کوردستان | سەح بدە بۆ دەستنیشانکردن | نوێنەرایەتی کردنی زانکۆ |
| کیسر | | |
| زانکۆی سلێمانی | | |
| زانکۆی سۆران | | |
| زانکۆی ڕاپەڕین | | |
| زانکۆی هەڵەبجە | | |
| زانکۆی چەرمو | ✓ | د. سەلاح سەعید<br>د. پشتیوان فەرەج<br>د.ئومێد ئەمین<br>د.لاجان عوسمان<br>د. کەزی سالح<br>شاگوڵ ئیبراهیم سابیر<br>لاڤین سالار عومەر |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | | |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | | |
| زانکۆی سلێمانی | | |

| هەڵسەنگاندن لەلایەن زانکۆ بەشداربوەکانی ئەوروپا | | |
|---|---|---|
| زانکۆ هاوبەشەکانی یەکێتی ئەوروپا | | بە نوێنەرایەتی کردنی |
| زانکۆی گۆتینگن لە ئەڵمانیا | ✓ | د. ئوڤەموس جاکۆب هیدەریخ |
| زانکۆیلوڤن لە بەلجیکا | ✓ | جێف شروتن |
| زانکۆیماساریك لە کۆماری چیك | | فیۆلیتا ئۆسۆچۆڤا |
| زانکۆیگرۆنینگ لە هۆڵەندا | ✓ | مایك واجینەر |

| 1. ئامادەکاری گشتی دامەزراوەیی بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دامەزراوەی خوێندنی باڵا | | | | وەک پێویست دەستنیشانی بکە |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | تەوەرەکان | هەڵسەنگاندن | | |
| | | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر |
| 1 | ئامادەکاری دامەزراوەیی ئەنجام دراوە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆ و جێبەجێکردنی ستراتیژی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆ بەدەست هاتوە. | ✓ | | |
| 2 | ئۆفیسی نێودەوڵەتی زانکۆبەشێوەیەکی گونجاودامەزراوە و چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی هەیە بۆ ڕا پۆرتکردن و ئیشەکان | ✓ | | |
| 3 | جگە لەئۆفیسی‌نێودەوڵەتی پێکهاتەی دیکەی زانکۆکە بەشداربوونلە پرۆسەی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکە | ✓ | | |
| 4 | پرۆسەیەک هەیە کە هەموان تیایدا بەشدارن بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی ستراتیژی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکە و ئەو سیاسەتانەی کە دادەڕێژرێن. | ✓ | | |
| 5 | چاودێریکردنی پرۆسەی بە نێودەوڵەتیکردن و جێبەجێکردنی ستراتیژی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکە لە ئارادایە | | ✓ | |
| 6 | ئامادەکاری‌کراوە لەگەڵ سەرجەم کۆلێجوبەشەکان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکە | | ✓ | |
| 7 | چوارچێوەیەکدامەزراوەبۆدانانبە خوێندن لەدەرەوەی وڵات | | ✓ | |
| 8 | دەستکراوەبە پرۆسەی جێبەجێکردنی خوێنددنی بۆلۆنیا و چاکسازی وەک ( خوێندکاری چەقی فێربوون بێت, ئی سی تی ئێس و دەرئەنجامی فێربوون -لێرنین ئاوتکەم ) | ✓ | | |

**هەڵسەنگاندنی زانکۆ بە نوسین\ سەرنج و تێبینی**

بە شێوەیەکی گشتی زانکۆکانی ئەوروپا بۆیاندەرکەوت کە زانکۆی چەرمۆ دامەزراوەیەکی بەنێودەوڵەتیکردنی لەباری هەیە بۆجێبەجێکردنی ستراتیژی‌بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆ و ئۆفیسێکی باشی‌نێودەوڵەتیان هەیە وهەموو پێداویستیەکانی بۆ دابینکراوە بەلآم هاریکاری یەکە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی‌دیکەش گرنگن بۆ پرۆسەی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکە.

لەمیانەی ڕا پۆرتکردنیان بە ووردی چۆنیەتی‌داڕشتنی پرۆسە و ستراتیژیەکەیان کردوە کە بۆزانکۆی چەرمو دامەزراوە و دەرکەوتوەکە زانکۆکە بەشداری‌بەهەموو لایەنێک دەکات لە بڕیارِ دان. بەلآم بۆمان دەرکەوتوەکە پێویستە لە ئایندەدا خوێندکاران زیاتر بەشداریان پێ بکرێت و ئەم لایەنە زیاتر بەهێز بکەن. زانکۆکانی ئەوروپا ئەوەبەباشتر دەزانن کە لایەنی دەرەکی دیکە بەشدار بن لە هەڵسەندگاندن و چاودێریکردنی گەشە پێدانی زانکۆکە.

سەبارەت بە چاودێریکردن زانکۆی چەرمۆ هێشتا لە پرۆسەی دیاریکردنی میکانیزمی چاودێریکردنی گشتی زانکۆکەیە بۆ بەنێودەوڵەتیکردن و جێبەجێکردنی‌ستراتیژەکەیان. زانکۆکانی ئەوروپا لەم پرسەی چاودێریکردنەباش ئاگادارن و زانکۆکە بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆرییان هەیە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی‌دیکەش بەشدارن. لە ئایندەدا زانکۆی چەرمۆ پێویستی بە چاودێریکردنی دامەزراوەیی هەیە بۆ گەشە پێدانی ئایندەی زانکۆکە و واباشترە کە هەموو زانکۆکانی کوردستان ڕا پۆرت بنوسن بۆ ئەنجومەنی زانکۆ چونکەئەنجومەن پێکهاتەی بڕیاڕدەری سەرەکی زانکۆکانە.

هەروەها بۆ مان دەرکەوت کە سەرۆکایەتی زانکۆ و ئۆفیسی نێودەوڵەتی چەرمۆ هاوکار و هەماهەنگی‌دەکات لەگەڵ کۆلێژەکان ئەویش لە ڕێگەی ئۆفیسی ڕاگری کۆلێژەکانەوە یان لە ڕێگەی سەرۆک بەشەکانەوە. پێویستە لە ئایندەدا ئەم هەماهەنگیە زیاتر فەرمی بێت و پرۆسەی تایبەتبە خۆی هەبێت هەرچەندە ئەوەی لە ئێستادا هەیە گونجاوە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکە لەڕێگەی هاریکاری کۆلێژ و بەشەکانەوە. چونکە لە ئایندەدا ئاستی چالاکی بەنێودەوڵەتیکردن زیاتر و ئاڵۆزتر دەبێت فەرمی تر و ڕۆتینیاتی زۆرتر پێویست دەبێت.بەلآم زانکۆ هاوبەشکانی کوردستان لە کارە ئاگادارن. هەروەک زانکۆکانی‌کوردستان خۆیان ئاماژەیان پێداوە و ئێمەش پشتگیری دەکەین پێویستە لەسەرئاستی کۆلێژ و بەش کارمەندی تایبەت تەرخان کرابێت و تەنها کار بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی کۆلێژ و بەش بدات و ئەو کارمەندە\ماموستایە بەرپرسی پرۆسەی بەنێودەوڵەتیکردنی کۆلێژ و بەشەکە بێت.

| | |
|---|---|
| لەکۆبونەوەکان زانکۆکانی کوردستان دوپاتی ئەوەیان کردوە کە دان بە خوێندن لەدەرەوەدەنێن و ئەمەش لە پلاندایە بۆ زانکۆی چەرمو بۆ داننان بە بڕوانامەی دەرەوە و ماوەی خوێندن لە دەرەوە و ئەمەش ئاسانکاری بۆ کراوە لە میانەی جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا و خوێندنی سیمیستەر و سیستەمی ئی سی تی ئێس. لە کۆبونەوەکەدا زانکۆکانیکوردستانباسیان لە گرنگی ڕیفۆرم و داننانبەخوێندن لەسەرئاستینیشتمانی و ئەو کێشانەی کەلەنێوان سیستەمیفیدراڵی حکومەتی عێراقوهەرێم هەبە. پێویست بە چوارچێوەیەکینیشتمانی هەیە بەهاوکاری زانکۆ هاوبەشەکانیئەوروپا بۆ داننانبەخویندن لەدەرەوە. بەلاملەمیانەیکۆبونەوەکەمان هەندێکپرسیار بەکراوەییمابونسەبارەتبە وردەکاری ڕێوشوێنەکانیدامەزراوەیی زانکۆ بۆ داننان بە خویندنی سیمیستەرێك لە زانکۆکانی دەرەوە. لەبەرئەوە زانکۆکانی ئەوروپاجەخت دەخەنەسەر گرنگی داننان بەخوێندن لەدەرەوە بەتایبەتی بە ماوەی خوێندن وە هاندانی زانکۆکانی کوردستان بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە ڕێوشوینی تایبەت هەبە بۆ داننان بە خوێندن لە دەرەوە لەلایەن زانکۆی چەرمو.<br>هەروەها بۆمان دەرکەوت زانکۆی چەرمو ڕێوشوێنی دامەزراوەیی گرتۆتە بەر بۆ جێبەجێکردنیسیستەمی خوێندنیبۆلۆنیاوماوەیسێساڵە ئەوکارە ئەنجام دەدەن. ئێمە لە میانەی پرۆژەیتایگریس بۆمان دەرکەوت کە زانکۆی چەرمۆ ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە لەجێبەجێکردنی سیستەمی بۆلۆنیا لە کوردستان و پێشەنگ و ڕابەر بوونە لە پرۆسەی بۆلۆنیا و ئی سی تی ئێیس. زانکۆکانی ئەوروپا هانی زانکۆی چەرمو دەدەن کە بەردەوام بن لەو پرۆسەیە و پرۆسەی ڕیفۆرم و بەشێوەیەکی تەندروست ئەم سیستەمە لە زانکۆکەیان جێ بە جێ بکەن. | |
| ڕاسپاردەکان | |
| ستراتیژی نێودەوڵەتیکردنی زانکۆی چەرمۆ خوێندکاری کردوە بە چەق و گروپی ئامانجی سەرەکی . بۆیە پێویستە زانکۆی چەرمۆ خوێندکار بکات بە ناوەند و لە بەشداریکردن و ڕاوێژکاری کردن پێیان بایەخ و گرنگی زیاتریان پێ بدەن بۆ پەرەپێدانی زانکۆکە.<br>بۆ کۆنرۆڵکردن و جێبەجێکردنی ستراتیژی بەنێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی چەرمو پێویستی بە چاودێری دامەزراوەیی هەیە وە ڕاپۆرت کردنی ناوبەناو کارکردن بەشێوەی فەرمی. پێویستە ئەم ڕاپۆرتانە تەنها بۆ بڕیاڕبەدەستانی زانکۆ نەبێت بەڵکو بۆ هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار بێت.<br>سەرەتا دەکرێت سوود لە ئەنجومەنی زانکۆ وەبگیرێت وەك سەرپەرشتی کردنی چاودێریکردن.<br>هەرچەندە کارکراوە بۆ داننان بە خوێندن لەدەرەوە ئێمە ڕێنومایی زانکۆی چەرمو دەکەین کە دەبێت ڕێوشوینی فەرمی و ستاندارد و پێوەر هەبێت بۆ داننان بە خوێندن لە دەرەوە. بۆیە وەك بەشێك لەم کارە باشترە کە زانکۆ سوود لەو خولە وەربگرێت کە ئەنجام درا لە ئازاری 2020 لە زانکۆی گۆتنیگن.<br>هەرچەندە لە ئێستایا سەرۆکایەتی زانکۆ پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ کۆلێج و بەشەکان لە ڕێگەی ڕاگر و سەرۆك بەشەکانەوە بەلام پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ هاوکاری زیاتر و بەنێودەوڵەتی کردنی زانکۆکە لە ڕێگەی نوێنەری کۆلێژ و بەشەکانەوە و کارمەند و ستافی تایبەت هەبێت لە هەر یەك لە بەشەکان بۆ ئەم کارە.<br>بۆ مەودای درێژخایەن زانکۆکانی ئەوروپا هانی چەرمو دەدات لەگەڵ زانکۆکانی دیکەی بەشداریکوردستان بۆ نمونە لەڕێگەی تۆڕی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆ کوردیەکان ئێنکیپ دەستپێشخەری بکەن و دەست بکەن بەکاری لۆبیکردن بۆ هەنگاونانی نیشتمانی وە دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەکی نیشتمانی بۆ بڕوانامەکان. | |

| ژمارە | تەوەرەکان | بەڵێ | تا ڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| | 2- ڕێکخستن و سەرچاوەکانی بەردەست لە ئۆفیسی نێودەوڵەتی زانکۆی چەرمو | بەشێوەی پێویست دەستنیشانی بکە | | |
| | | هەڵسەندگاندن | | |
| | | بەڵێ | تا ڕادەیەک | نەخێر |
| 1 | پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان گونجاوەڤکاردەکات وە بەرپرسیاریەتیەکان بەشێوەیەکی ڕوون دەستنیشان کراون | ✓ | | |
| 2 | سەرچاوەی پێویستی مرۆیی بەردەستە لە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | ✓ | | |
| 3 | ستاف و کارمەند کە ئاستی زمانی ئینگلیزیان بەرزە بەردەستن لە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | ✓ | | |
| 4 | بە پشت بەستن بە ئەو وێنانەی ئۆفیسەکە کە بەدەستمان گەشتوە هەموو کەرەستە و ئامێر و پێداویستی تایبەت بەردەستە و دانراون لە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | ✓ | | |
| 5 | ئەو ئامێر و پێداویستیانەی کە لەمیانەی پرۆژەی تایگریس کراون بۆ ئۆفیسەکە دانراون و بەردەستن و هەموو مەرجەکانی ئیراسمۆسیات تیادایە. | ✓ | | |
| | | | | |

**هەڵسەندگاندن بەشێوەی نوسراوە\ لێدوان**

بەشێوەیەکی گشتی زانکۆ ئەوروپیەکانی بەشدار لە تایگرس ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی زانکۆی چەرمو بە گونجاو دەزانن بۆ ئەو مەبەستەی کە دامەزراوە وە هەموو پێداویستیەکی بۆ دابینکراوە وەك کەرەستە و ئامێری پێویست لە فەندی پرۆژەی تایگریس. وەهەموو ئامێرەکان لۆگۆی پێویستیان لەسەرە و لەمیانەی سەردانەکانیان بۆ زانکۆی چەرمو نوینەرانی زانکۆی گۆتینگن و ماساریك بەچاوی خۆیان ئەو ئامێرانەیان دیوە کەلە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بوو لە مانگی شوباتی 2019.

ئەم ئۆفیسە ستافی هەیە کە زمانی ئینگلیزی زۆر باشە. بەلام باشترە کە ئاستی زمانی ئینگلیزی ستافەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان باشتر بێت ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی خولی ڕاهێنان بۆ ستاف دابین بکرێت وە ئەو کارمەندە نوێیانەی لەو ئۆفیسە کاردەکەن ئاستی زمانی ئینگلیزیان بەرز بێت.

بە گشتی, ئۆفیسەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کارمەندی گونجا ویان هەیە بۆ ئەو ئاستی بەنێودەوڵەتیکردنەی کە ئێستا هەیە و 4 کارمەند بە بەردەوامی کاردەکەن و هەمویان بەشێوەی هەمیشەیی دامەزراون بەلام, لە ئێستایا یەکێك لە ستافەکان لە مۆڵەتی خوێندندایە توانی کارمەندەکان بۆ ماوەیەکی کاتی کەمتر بۆتەوە. پێویستە زانکۆکانی هەرێم دڵنیابنەوە کە کارمەندی تەواو و پێویست لەبەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هەن و نابێت ژمارەیان کەمتر بکات دەبێت زیاتر بێت. چونکە لە ئایندەدە ئاستی چالاکیە نێودەوڵەتیەکان زیاتر دەبێت بۆیە پێویستە زانکۆی چەرمۆ ئامادەبیسێت لەگەڵ زیادبوونی چالاکیە نێودەوڵەتیەکان ژمارەی کارمەندانی ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان زیاد بکەن. بۆ ئەوەی فریای کاری زۆر و ئالۆ ز بکەون لە ئایندەدا.

سەبارەت بە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئۆفیسی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان پەیوەندیەکی ئاسۆیی هەیە وە جەخت کردوە لە کارکردن بە تیم بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانەی ئۆفیس. بەهۆی کەمی ژمارەی ستافەکانیان پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەناوخۆی خۆیدا یەکەی جیاوزای نیە و پێکەوەوەك یەك تیم کاردەکەن. بەلام بەرپرسیاریەتیەکان جیاوازن و بەشێوەیەکی زۆر ڕوون ئەرکی هەر کارمەندێك دەستنیشان کراوە. لە ئێستادا ژمارەی کارمەندانی ئۆفیسەکە لە گەڵ قەبارەی زانکۆکەدا گونجاوە و هەروەها گونجاوە لە گەڵ ئاستی چالاکیە نێودەوڵەتیەکان. لە ئایندەدا ئەم ئۆفیسە پێویستی بە پیاداچونەوە و ڕێکخستنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی هەیە.

**ڕاسپاردەکان**

ئۆفیسی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان پێویستی بە کارمەند و سەرچاوەی مرۆیی پێویست هەیە . پێویستە زانکۆی چەرمو ئامادە بێت سەرچاوەی زیاتر بۆ ئەم ئۆفیسە تەرخان بکات بۆ ئەوەی ئامادەباشی کردبێت بۆ زیادبوونی بڕی کار و ئالۆزی چالاکیە نێودەوڵەتیەکان کە پێویستن بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی زانکۆکە.

زانکۆکانی ئەوروپا کە هاوبەش بوون لە پرۆژەی تایگریس ڕێنومایی زانکۆی چەرمو دەکەن کە وەبەرهێنانی زیاتر بکەن لە پەرە پێدانی توانای ستافەکانیان وە ئاستی زمانی ئینگلیزی کارمەندانیان بەرزرت بکەنەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە ئۆفیسی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکانن بۆ دەرەوەی وڵات وە پێویستە ئەو کارمەندە نوێیانەی لەوێ کار دەکەن ئاستی زمانی ئینگلیزیان بەرز بێت

| 3. ئاست و شێوازی کارکردنی ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | | بەشێوەی پێویست دەستنیشانی بکە | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | تەوەر | هەڵسەنگاندن | | |
| | | زۆر باش | تا ڕادەیەك | نیە |
| 1 | هەموو خزمەتگوزاریەکان و ئەرکەکان لەلایەن ئۆفیسی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکانەوە بەڕێوە دەچێت* | ✓ | | |
| 2 | هەموو خزمەتگوزاریەکان و ئەرکەکانی ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەلایەن ئۆفیسی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکانەوە خۆیەوە بەڕێوە ناچێت بەڵکو لەلایەن یەکەیەکی دیکەی زانکۆکەوەبەڕێوەدەچێت | ✓ | | |
| 3 | شێوازی کارکردنی ئۆفیسی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان وەك لە کۆبونەوەی هەڵسەنگاندی زانۆکاندا دەرکەوتوە گونجاو و پێویست و کاریگەرن بۆ ئەو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێردێت. | ✓ | | |

| هەڵسەنگاندن بە شێوەی نوسراو\ لێدوان | |
|---|---|
| زانکۆکانی ئەوروپا بۆیان دەرکەوت کە هەموو خزمەتگوزاری و پشتگیری و ئامۆژگاریکردن و پاڵپشتی بەنێودەوڵەتیکردن لەلایەن ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە بەهاوکاری یەکەکانی دیکەی زانکۆ بەڕێوە دەچێت.<br>لە میانەی کۆبونەوەکەمان بە شێوەی ئۆنلاین و بەتایبەتی تر ئیدارەکردنی پرۆگرامی مۆبیلیتی و یاداشتی لێك تێگەشتن و خزمەتگوزاری دۆزینەوەی فەند و مینحە و پاڵپشتی هەموو پرۆژەکان ( ڕاوێژکاری, ڕاوێژکاری وەرگرتنی فەند و مینحە, و نوسینیپرۆپۆزەڵ ) زۆر بە وردی باسیان لێوەکراو و بەشێوەیەکی گشتی گونجاو و پەسەند بوون بۆ ئەو ئاستەی بەنێودەوڵەتیکردنەی کەلەئێستادا لە ئارادایە لە زانکۆی چەرمو.<br>وەك بەشێك لە ڕاپۆرت نوسین زانکۆ هاوبەشەکانی کوردستان باسیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کارمەند و ستاف کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە پێویستی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ستاف و مامۆستا و خوێندکار بۆ چالاکیەکان بەشێوازێکی فەرمی تر بێت بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ مەرجەکانی ئەو ڕێکخراوانەی کە مینحە دابین دەکەن یان لەکاتی دروستکردنی پەیوەندیەکی شەراکەتی نوێ لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا. لە ئایندەدا پێویستە زانکۆی چەرمو کاری زیاتر بکات بۆ دارشتنی پرۆسەیەك بۆ پرسی کراوەیی و شەفافی بوون و کێبرکێ کردن بەشێوەیەکی دروست.<br>سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ کاتی دوای گەڕانەوەی ئەو خوێندکار و ستافانەی کە بەشداری خول لەدەرەوەی وڵات دەکەن و دەگەڕێنەوە پێویستە زانکۆی چەرمو پرۆسەیەکی باشی هەبێت بۆ هەڵسەندگاندنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پێشکەش بە خوێندکار و ستاف و مامۆستایانەی دەکات بۆ کار ئاسانکاریکردن لە خوێندن و ڕاهێنان لە دەرەوە. هەروەها کۆکردنەوە و سودوەرگرتن لە ئەزمونی ئەوانەی کە دەچنە دەرەوە وە سودوەرگرتن لە ئەزمونی نوێ ی فێربونیان و وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ مەبەستی ڕاوێژکاری سودیان لێ وەربگیرێت. | |
| ڕاسپاردەکان | |
| هەرچەندە ڕێوشوێنی تایبەت گیراوەتە بەر بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ستاف و کارمەند و خوێندکار و مامۆستا پێویستە ئەم نۆرمە باشتر بکرێت. لە ئایندەدا زانکۆی چەرمو پێویستی بە پرۆسەیەکی شەفافانەتر و کراوەتر و پڕ لە کێبرکێ هەیە بۆ بەشداریکردن لە چالاکیە نێودەوڵەتیەکان.<br>کار بکرێت لە سەر هەڵسەندگاندنی دوای بەشداری کردن لە چالاکیەکانی دەرەوە ئەمەش بۆ باشتر هەڵسەندگاندن و بەرەوپێشبردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کەئۆفیسەکان پێشکەشی دەکەن وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پڕ لە زانیاری وە سود وەرگرتن لە ئزمونی فێربوونی خوێندکار و ستاف کەلەدەرەوە خولی زیاتر دەبینن. | |

1. بۆ ئەم مەبەستە ئەرك و خزمەتگوزاریە سەرکیەکان بریتین لە : (1) هەماهەنگی کردن و ئیدارەکردنی کارەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان (لەگەڵ زانکۆکانی دیکە, تۆرەکانی دیکە, هاوبەشەکانی دیکە) (2) هەماهەنگی کردن و ئیدارەکردنی بەرنامەی خوێندن لەدەرەوە ئینتەرناشناڵ مۆبیلیتی بۆ خوێندکار و ستاف و مامۆستا (3) ئەنجامدانی هاندان و گرنگیدان بە بازاڕکردن و مارکێتینی زانکۆ وەك دامەزراندنی خوێندکار و ستاف و (4) هاریکاریکردن و پشتگیری کردنی پرۆژەکان (وەك ڕاوێژکاری و ئامۆژگاری وەرگرتنی فەند) (5) پێشکەشکردنی پشتگیری و هاریکاری بۆ ئەو ستاف و مامۆستا و خوێندکارانە کەلەدەرەوە سەردانی زانکۆی چەرمۆ دەکەن. لەگەڵ ئاسانکاریکردن بۆ وەرگرتنی فیزا و ڕێنومایی سەفەر کردن و ئۆتیل حیجزرکردن و ئامادەکردنی پێداویستیەکانی سەردانی سەفارەت و کونسوڵی وڵاتان و نامەی پشتگیری.

| 4- ئەزمونی خوێندکار و ستاف لە بەنێودەوڵەتیکردن لە زانکۆ و خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان لەلایەن ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەڵەتیەکان. | | بەشێوەی پێویست دەستنیشانی بکە | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | تەوەر | هەڵسەندگاندن | | |
| | | زۆر باش | تا ڕادەیەك | نیە |
| 1 | بە پیٚ ی بەشداری خوێندکارانی زانکۆی چەرمو لە کۆبونەوەی هەڵسەندگاندن دەرکەوت کە ئەوان شارەزایی و ئاگایی باشیان هەیە لە سەر چالاکیەکانی بەنێودەوڵەتیکردن وە ئەو دەرفەتانەی کە زانکۆی چەرمو پێشکەشی خوێندکارانی دەکات. | ✓ | | |
| 2 | بەگوتەی خوێندکارەکانی زانکۆی چەرمو بێت لە پێش و لەمیانەی وە لەدوای ئزمونی چونە دەرەوە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هاورکاری باشی پێشکەش کردون. | ✓ | | |
| 3 | خوێندکارەکان ڕازین لەو هاوکاریانەی ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پێشکەشی کردوون. | ✓ | | |
| 4 | خوێندکارەکانی چەرمو کە چونەتە دەرەوە دەڵێن زانکۆی چەرمو دانی بە خوێندنەکەی ناوە | نایگرێـتەوە | | |
| 5 | ستاف و کارمەندانی زانکۆی چەرمو دەڵێن باش ئاگاداری چالاکیە نێودەوڵەتیەکانن وە ئەو دەرفەتانەی کە زانکۆکە پێشکەشی کارمەندانی دەکات. | ✓ | | |
| 6 | ستاف و کارمەندانی زانکۆ هاریکاری پێویست و گونجاویان وەرگرتوە لە پێش و لە میانە و لەدوای ئەزمونی بەشداریکردن لە چالاکی نێودەوڵەتی. | ✓ | | |
| 7 | ئەندامانی ستاف هەمویان ڕازین لەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشیان دەکرێت. | ✓ | | |

| | |
|---|---|
| | هەڵسەندگاندن بە شێوەی نوسراو\ لێدوان |
| | ئەو خوێندکار و کارمەندانەی زانکۆی چەرمو کە بەشداری کۆبونەوەی ئۆنلاینی هەڵسەندگاندن بوون ئەوەیان خستە روو کە باش ئاگاداری چالاکیەنێودەوڵەتیەکانی زانکۆن وە ئەو دەرفەتانەی کەلەبەردەستیانە لە ڕێگەی ( لا پەڕی ماڵپەرو ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ئاگادارکردنەوەی فەرمیانەی زانکۆ ). خوێندکار و ستافی زانکۆی چەرمۆ باش ئاگاداری بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکەیانن وە سودەکانی ئەم هەوڵە وە خواستیان دەربڕی بۆ زیاترکردنی ئەم جۆرە دەرفەتانە. خوێندکار و ستافی چەرمو هاریکاری تەواو وەردەگرن لە لایەن ئۆفیسی بەنێودەوڵەتیکردن وە ڕازین لە و خزمەتگوزاریانەی کە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پێشەشیانی دەکات. بەلاٌ/ ئەو ستاف و خوێندکارانەی کە سوود مەند بوون لەو دەرفەتانە پێیان وایە کە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پێویستی بە ستاف و کارمەندی زیاتر ڕاهێنراویان هەیە بۆ چلاکیە نێودەوڵەتیەکانی زانکۆی چەرمو لە ئایندەدا.<br>دوای گەڕانەوەیان خوێندکارەکانی چەرمو بەشداری چالاکیەکانی دیکەی زانکۆیان کردوە و ئەزمونی خۆیان باس کردوە بۆ خوێندکارانی دیکە وە هانی خوێندکارەکانی دیکەیان داوە کە بەشداری چالاکیەنێودەوڵەتیەکان بکەن. بەلاٌم پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی خوێندکارەکان زۆر بە پەلە و خێرا و نافەرمی بووە. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە پێویستە زانکۆی چەرمو پیاچونەوە بکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی خوێندکار و مامۆستا و ستاف بۆ بەشداریکردن لە چالاکی نێودەوڵەتی و لە ئایندەدا پێویستە ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بێت بەجۆرێك کراوەی ی و شەفافیەتی تیا بێت و لەسەر بنەمای کێبرکیٚ بێت. |
| | ڕاسپاردەکان |
| | وەك هەر زانکۆیەکی دیکە زانکۆی چەرمو پێویستی بە پرۆسەی بەنێودەوڵەتیکردن هەیە و پێویستە ئەم زانکۆیە وەبەرهێنان بکات لە بونیاتنانی کاری هاوبەشی و پەیوەندیکردن بە تۆڕو نێتۆرکەکانی دیکەوە چونکە بەم جۆرە زانکۆکە دەتوانێت زیاتر بەشدار بێت لە چالاکیە نێودەوڵەتیەکان وە دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداربووان فەراهەم بکات لەسەر بنەمای کێبرکیٚ.<br>زانکۆ هاوبەشەکانی ئەوروپا لە پرۆژەی تایگریس هانی زانکۆی چەرمو دەدات کە بەبەردەوامی وەبەرهێنان بکات لە پەرەپێدانی تواناکانی ستاف چ لە ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بێت یان لە یەکەکان دیکە و لە ئێستایا ئەو ئۆفیسە هەندێك سەرچاوەی پێویستی لەبەردەستیایە بۆ نمونە بەشداری پێکردنی کارمەندانی ئۆفیسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە هەفتانەی ستافینێودەوڵەتی. پێویستە ئەم بەشداریانە بە جۆرێك بێـت کە ستافەکان دوای گەڕانەوەیان ئەو زانیاری و ئەزمونانەی فێر بوون لەگەڵ ستافەکانی دیکە باس بکەن و ئەمەش وادەکات لەسەر ئاستی دامەزراوەیی فێربوون باشتر بێت. |